# ئاوڕدانەوەیەکی تیۆریک لە سەر چەمکگەلی شەڕی دەروونی و پڕۆپاگەندە

د. ئالان حەسەنیان

„

شەڕی دەروونیی سەردەم، لە زانستی سایکۆلۆژیای هاوچەرخ بۆ نەخشەدانان، بەڕیوەبردن و گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەڵک وەردە گرێت. ماس میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و جۆرەهای دیکەی تەکنۆلۆژیا، وەکوو ئامراز لە لایەن هیزەکانی بکەری ئەم شەڕەوە (دەوڵەتەکان و هێندیک جاریش هێزە نادەوڵەتییەکان و گرووپگەلێکەوە) بۆ ئەنجامدانی ئەم شەڕە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. بۆیەش ئەمانە دەبن بە بەشێک لە ئامراز و میدیاگەلێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی ئەم شەڕەدا. شەڕی دەروونی و پڕۆپاگەندە (وەکوو میکانیزمێکی گرینگ لە خزمەتی ئەم شەڕەدا)، عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە/دوژمنە دیاریکراوەکەی (well-defined audience) دەکاتە ئامانج

“

## پێشەکی

مەبەســت لەم کورتە نووســراوەیە تیشــک خستنەســەر لایەنــە جیاوازەکانی شــەڕی دەروونی و ئەو ئامرازانەیە کە لە خزمەت ئەم شەڕەدا بەکاردەهێنرێن. هۆکاری گرنگیدان بە زانستی شەڕی دەروونی لەم نووسراوەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان هەموو کاتێک هــاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی ســەربازیدا بۆ ســەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە کوردســتان، گرنگییەکی تایبەتیان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی شــەڕ داوە، لەوانەش بەڕێوەبردنی شەڕێکی هەمەلایەنەی دەروونــی بــە مەبەســتی ناشــیرینکردن و ناوزڕاندنی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان، ئاســمیلە کردنی و تواندنــەوەی کۆمەڵگای کوردی و بێ هیواکردنــی تاک و کۆمەڵگای کورد لــە یارمەتیدان ودرێژەپێدانی خەبات و تێکۆشاندا. ئەم بابەتە بە گشتی گرنگی دەدات بە لایەنە زانســتی و تیۆریکییەکانی شــەڕی دەروونی و ئەو ئامرازانــەی کە دەتوانرێن لە بەڕێوەبردنی وەها شــەڕێکدا بەکار بهێندرێن. لــە کۆتاییــدا ئاماژەیەکی کــورت دەدرێت بــە مەبەســتەکانی کۆمــاری ئیســلامی لە بەڕێوەبردنی شەڕی دەروونی لە دژی کۆمەڵگا و دژبەرانیدا لە ئێران.

زۆربــەی ڕوانگەکان ئامــاژە بەوە دەدەن کــە ئێمە لە ســەردەمی شــەڕی دەروونی/ ســایکۆلۆژیدا (psychological warfare) دەژیــن. هارۆڵــد لاســوێل (Harold Lass-well)، لە بناخەدانەرانی لێکۆڵینەوە لە بواری شــەڕی دەروونیــدا، ئاماژە بــەوە دەکات کە شەڕی دەروونی، بیرۆکەیەکی کۆنە دەربارەی چۆنیەتیی بەرپاکردنی شــەڕێکی سەرکەوتوو ”بــەو مانایە کــە بیرۆکــەی بنەڕەتیی ئەم جۆرە شــەڕە ئەوەیە کە باشترین سەرکەوتن لە شــەڕدا بە تێکشــکاندنی ئیرادەی دوژمن بــۆ بەرەنگاربوونەوە و بە ئامانج گەیشــتن بە بەکارهێنانی کەمترین هێز و کەم تێچووترین شــەڕ“.[۱] لە ڕوانگەی دەیڤید چارترز (David Charters) شەڕی دەروونی جۆرێکی دیکەی شــەڕ و توندوتیژییە بۆ ســڕکردن، ناشیرین کردن، تۆقاندن و سوکایەتی پێ کردن، چەواشە کردن و شــێواندنی ڕاستیەکان، بە مەبەستی ناوزڕاندن و گۆشەگیر کردنی خەڵک، کۆمەڵگا، یان گرووپێکی دیاریکراو.[۲] شەڕی دەروونی بە بەکارهێنانی زانیاری لە دژی دەروونی خەڵک پێناســە دەکرێت لــە ڕێگــەی بەکارهێنانی پرۆپاگەنــدە و تەکنیکــی ژێربەژێر بۆ دانانی کاریگەری لە ســەر هەڵوێست، هەڵبژاردن و هەڵســوکەوتی دوژمنێکی دەستنیشانکراوی دەرەکــی یــان ناوخۆیی. هێندێــک جاران دیاریکردنی بکەری شــەڕی دەروونی کارێکی ئاســان نییە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا بکەر خۆی وەکوو هێمایەکی پیرۆز، بەهێزو بە توانا، بەســۆز و ڕزگاریکەر دەردەخات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەڕی دەروونی پەیوەستە بە بردنەوەی شــەڕ بە بێ بەکارهێنانی هێزی ســەربازی. ئەمەش ئــەوە دەردەخات کە لە گۆڕەپانی شــەڕدا هەموو ئامرازەکان (بۆ وێنە پرۆپاگەندە)، دەتوانن بکەوەنە خزمەتی شەڕی نەرمەوە.

شــەڕی دەروونی بە مانــا بەرینەکەی، بریتییە لە بەکارهێنانی بەشێک لەو زانستەی کە پێی دەوترێت دەروونناسی، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شــەڕە؛ و بە مانا بەرتەسکەکەی، شەڕی دەروونی پێکدێت لە بەکارهێنانی پرۆپاگەندە لە دژی دوژمن، هاوشــان لەگەڵ ڕێوشــوێنە ســەربازییەکاندا. وەکــوو زانای پێشــەنگی بــە چەمککردنی شــەڕی دەروونــی، پاول لاینبارجــر (Paul Linebarger) ئەڵێــت: ”نە شــەڕ و نە دەروونناســی بابەتێکی نوێ نین و هەر یەکێکیــان تەمەنیان بەقەدەر تەمەنی مرۆڤایەتی درێــژە“.[۳] لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە شــەڕی دەروونی بوارێکی نوێی زانســتە، مێژووی کۆن و هاوچەرخــی مرۆڤایەتی پڕە لە نموونەی بێشــوماری ئەم جۆرە شــەڕانە،

کە بۆ زاڵ بوون و سەرکەوتن بەسەر هێڵی دوژمندا بەکارهاتوون. شەڕی سایکۆلۆژی، مێژوویەکی درێژی هەیە و وەکوو بەشێکی گرینگ لە هونەری شەڕ (Art of War) چاوی لێ دەکرێت. بۆ وێنە بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە تەکنیکی شەڕ لە هەزارە و سەدەکانی پێشوودا، دەکرێت ئاماژە بکرێت بە گەورە فەرماندەی چینی، سەن تزوی[۴] (Sun Tzu) کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، سایکۆلۆژیی ستراتێژیی سەربازیی زۆر کاریگەری بۆ سەرکەوتن بە سەرنەیارەکانیدا بە کار هێناوە. هەروەها ئەم جۆرە لە ستراتێژیی شەڕ لەلایەن ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆمای کۆن و مەغۆلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەم بەکارهێنراوە. لە چوارچێوەی مێژووی هاوچەرخدا، لە کاتی شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم و شەڕی ڤیەتنام، شەری دەروونی، بە شێوەیەکی چڕوپڕ و سیستەماتیک بە کارهێنراوە.[۵] بۆ وێنە و بە گوتەی لاینبەرجەر" لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، شەڕی دەروونی، ڕۆڵی ئامێرێکی سەربازیی گرنگی گێڕا، دواتریش تەنانەت بەو چەکەی کە شەڕەکەی بردەوە، ناوبانگی دەرکرد".[۶]

بە گشتی لە شەڕی دەروونیدا، هەروەک ناوەکەی ئاماژە دەکات، بەکارهێنانی زانستی دەروونناسی، ئامرازێکی گرینگە بۆ سەرکەوتن لەم شەڕەدا. شەڕی دەروونی بە شێوەیەکی داڕێژاوە و سیستەماتیک تێدەکۆشێت بۆ کارتێکردن لە دڵ و دەروون و دابەزاندنی ورەی دوژمندا. ئەم جۆرە شەڕانە بە تاقەتپرووکێنترین و درێژخایەنترین پرۆسە مەزندە دەکرێن، کە سەرکەوتن و شکست لەم شەڕانەدا لە مانگەکان یان ساڵانی دوای بەکارهێنانیان دەتوانرێت هەڵبسەنگێندرێت. یەکێک لە جیاوەزییەکانی شەڕی دەروونی و شەڕی سەربازی لەوەدایە کە شەڕی سەربازی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە و ئەم دەرئەنجامانەی کە لەدوای خۆی بەجێیان دەهێڵێت، دەتوانرێت کە بە چاو ببینرێت، بەڵام شەڕی دەروونی دەتوانرێت وەکوو کردەوەیەکی ناتوندوتیژ بەکار بهێنرێت و ئاکامەکانیشی بە شێوەی جۆراوجۆر و لەکاتی جیاوازدا دەردەکەوێت و ئەنجامەکان هەرگیز ناتوانرێت بە تەواوی پێشبینی بکرێن. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە شەڕی سایکۆلۆژی، شەڕێکە بۆ لاواز کردنی کاردانەوەی/بەرگری دوژمن، بەمەبەستی دابەزاندنی ورە و کەم کردنەوەی کارایی هێزی نەیاردا، لە ڕێگەی دروست کردنی گومان و لەدەستدانی بیر و باوەڕەوە. جا بۆیە کلۆو (Clow) شەڕی دەروونی بە شەڕی "دڵ و عەقڵ" ناودەبات.[۷] هەروەها شەڕی دەروونی هەم دەتوانێت بەشیک بێت لە هێرشی بەرفراوانی سەربازی، هەمیش بەشێکی گرنگ بێت یا مەزندە بکرێت وەکوو ئامادەکاری بۆ شەڕی داهاتووو.

شەڕی دەروونیی سەردەم، لە زانستی سایکۆلۆژیای هاوچەرخ بۆ نەخشەدانان، بەڕیوەبردن و گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەڵک وەردە گرێت. ماس میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و جۆرەهای دیکەی تەکنۆلۆژیا، وەکوو ئامراز لە لایان هێزەکانی بکەری ئەم شەڕەوە (دەوڵەتەکان و هێندیک جاریش هێزە نادەوڵەتییەکان و گرووپگەلێکەوە) بۆ ئەنجامدانی ئەم شەڕە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. بۆیەش ئەمانە دەبن بە بەشێک لە ئامراز و میدیاگەلێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی ئەم شەڕەدا. شەڕی دەروونی و پرۆپاگەندە (وەکوو میکانیزمێکی گرینگ لە خزمەتی ئەم شەڕەدا)،عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە/دوژمنە دیاریکراوەکەی (well-defined audience) دەکاتە ئامانج بۆ ئەوەی دوو ئامانجی سەرەکی بپێکێت:

۱ دابەزاندنی ورە و کەمکردنەوەی کارایی

دوژمن، بە دروستکردنی گومان و دوودڵی و بێباوەڕی.

**٢** بەدەسهێنانی هەست، سۆز و پشتیوانیی جەماوەرێک کە هێشتا بڕیاریان نەداوە کە لە کام بەرەی شەڕدا بن.

جیاواز لە شەڕی سەربازی، لە شەڕی دەروونیدا توندوتیژیی جەستەیی کەمتر بەکار دێت، بەڵام لەم جۆرە شەڕانەدا تووی ترس و دوودڵی دەچێنرێت. پڕۆپاگەندە سەرەکیترین ئامرازە لە خزمەتی شەڕی دەروونیدایە و هەربۆیە لاینبارجر بە "قایلکردنی پلان بۆدارێژراو بە ڕێگای ناتوندوتیژ" وەسفی دەکات.[٨] لە خوارەوە تیشک ئەخرێتە لەسەر چەمکی پڕۆپاگەندەو چۆنیەتیی بەکار هینانی ئەم ئامرازە لە بەڕێوەبردنی شەڕی دەروونیدا.

## پڕۆپاگەندە

کۆتا دەیەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بە سەردەمی بەرفراوانبوونی چالاکیی پڕۆپاگەندە مەزەندە دەکرێت. هۆکارەکانی پەرەسەندنی پڕۆپاگەندە دەگەڕێنەوە بۆگەشەی میدیای جەماوەری و باش بوونی ڕەوت و ڕێژەی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی زانیاری و شتومەک، هەروەها گرنگیدانی دەوڵەتان بە فرەڕەهەند بوونی شەڕ و ئامرازەکانی. جا بۆیە لەم بوارەدا هەریەک لە میدیا جەماورییەکان، چاپ، فیلم، ڕادیۆ و پاشان تەلەفزیۆن بە شێوازی جیاواز، کەوتنە خزمەت پڕۆپاگەندەوە.[٩] پێناسەکان بۆ دەستەواژەی پڕۆپاگەندە زۆرن. بەڵام خاڵی هاوبەشی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە پڕۆپاگەندە بە یەکێک لە کاریگەرترین و گرنگترین ئامرازەکانی شەڕی دەروونی پێناسە دەکرێت و پڕۆپاگەندە وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و بیری کۆمەڵگای بەئامانجکراو و، چەواشەکردنی ڕاستییەکان بۆ ئەوەی بەکارهێنەرەکەی دەرئەنجامێکی خوازراو بەدەست بهێنێت چاوی لێ دەکرێت.

جیاواز لە توندوتیژی کە دەیهەوێت لە ڕێگای بە کارهێنانی هێز و زۆرەوە، هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکان بگۆڕێت، پڕۆپاگەندە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکان لە ڕێگای قایل کردنەوە. دەتوانرێت بوترێت کە پڕۆپاگەندە بریتییە لە بەکارهێنانی سیستەماتیک و پلان بۆ داڕێژراوی هەر جۆرە ئامرازێک بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر عەقڵ و هەست و کردارەکانی گرووپێکی دیاریکراو بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو.[١٠] بە پێی لێکۆڵینەوەکانی جۆوێت و ئۆدۆنێل؛ پڕۆپاگەندە هەوڵدانێکی بەئەنقەست و سیستماتیکە بۆ کارتێکردن یان دیاریکردنی ڕوانگەیەکی تایبەتی (Shaping Perceptions)، کارتێکردن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆبەمەبەستی گۆڕینی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا و/یان گرووپێکی بە ئامانجکراو بۆ بەدەستهێنانی و گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو.[١١]

لاینبارجر دوو جۆری سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە وەک ئامێری شەڕی دەروونی دیاری دەکات: پڕۆپاگەندەی هێرشبەر (offensive propaganda) و پڕۆپاگەندەی گۆڕێنەر (conversionary propaganda). هەروەک لاینبارجر ئێژێت؛ پڕۆپاگەندەی هێرشبەر مەبەستی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەو و یان بۆ جێخستنی کولتوور و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دیاریکراو، ئەنجام دەدرێت. بەڵام پڕۆپاگەندەی گۆڕێنەر بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێت کە پشتوانی و سۆزداری ڕابکێشرێت بۆ لای هێزی بەکارهێنەری ئەم شەرە دەروونییە یان پشتیوانیی تاکەکان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تربگۆڕێت.[١٢]

گریمانەیەکی گرنگ سەبارەت بە پڕۆپاگەندە ئەوەیە کە پڕۆپاگەندە لەسەر بنەمای درۆی یەک ڕەهەندی ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کاریگەری دانان لە سەر

بیر و کردەوەی خەڵک، بە سەریاندا زاڵ ببن. بەڕای لاسوێل لەم سەردەمەدا پرۆپاگەندە "بووەتە پیشە"(profession) و بە شێوەی "پلاندارێژراو سیستەماتیک بە ڕیوەدەچێت". پرۆپاگەندە وەک شتێکی خراپ ناوزەد دەکرێت و زیاتر لەلایەن ڕژێمە ستەمکارەکانەوە بەکار دەهێنرێت بۆ شکۆدارکردنی سەرکردەکانیان و ناوزڕاندنی نەیارەکانیان لە ڕێگەی کارتێکردن لەسەر ڕای گشتی. هەر وەها بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی خۆیان.[١٣]

بەکارهێنانی پرۆپاگەندە بە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت و کاتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بە شێوەی پلان بۆ دارێژراو و سیستەماتیک، وەکوو ئامرازێکی فەلسەفی و تیۆریک دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن. بەڵام بۆ وێنە لە سەردەمی دوای ١٩٤٥ دا بەکارهێنانی پرۆپاگەندە بووە بە ڕێکارێکی سەرەکی لە شەڕی ئایدیۆلۆژیی نێوان وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و بە بەرزبوونەوەیەکی زۆر تا کۆتایی شەڕی سارد، چالاکیی پرۆپاگەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەردەوام بووە.[١٤] کاتێک دانیال لێرنەر[١٥] (Daniel Lerner) ئاماژە بە شەڕی دەروونی دەدادت، گرنگییەکی تایبەت دەدات بە ڕۆڵی هێماکان بۆ سەرخستنی سیاسەتەکان لە چوارچێوەی ئەم شەڕەدا. لێرەدا ڕۆڵی پرۆپاگەندە ئەوەیە کە هەم هێما وەکوو ئامرازێک لە بەرژەوەندیی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار بێنێت و هەمیش هێرش کاتە سەرئەو ژێنگە ڕەمزی و هێمایانە کە بۆ ئەو خەڵک و کۆمەڵگایەی کە ئامانجی شەڕی دەروونی و پرۆپاگەندەن، پیرۆزن.

مێژووی بەرفراوان بوونی پرۆپاگەندە لەسەر سێ فاکتەری بەیەکەوە گرێدراو بنیاتنراوە: یەکەم؛ زیادبوونی پێویستی بەکارهێنانی ئەم کردەوەیە هاوکات لەگەڵ زیاد بوونی جیاوازییە سیاسی و کولتوورییەکانی نێوان دەوڵەت-نەتەوەکان، بۆ بردنەوەی ئەوەی کە پێی دەوترێت "شەڕی دڵ و عەقڵ"، دووەم؛ زیادبوونی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی بۆ گەیاندنی پەیامی پرۆپاگەندە، سێیەم؛ زیاتر تێگەیشتن لە دەسکەوتەکانی شەڕی سایکۆلۆژی، گرنگیی پرۆپاگەندە لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم شەڕە.[١٦]

توندوتیژی و پرۆپاگەندە زۆر شتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام خاوەنی چەند جیاوازیی سەرەکیشن. بۆ وێنە یەک لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە توندوتیژی مەبەستیەتی کە هەڵسوکەوتی ئامانجەکەی بگۆڕێت لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە، پرۆپاگەندە هەمان ئامانجی هەیە بەڵام زیاتر هەوڵ دەدات بە گۆڕینی هەڵسوکەوت لە ڕێگای باوەڕ پێ هێنان و قایل کردنەوە. تیرۆر دەکرێت وەک تێکەڵەیەک لەم دووانە تەماشا بکرێت.[١٧] سزانتۆ پرۆپاگەندە پۆلێن دەکات بە پرۆپاگەندەی گێرەشێوێن (agitative) و پرۆپاگەندەی یەکدەستکەر/ تێکڵاوکەر(integrative)، و دەڵێت کە لە کاتێکدا کە پرۆپاگەندەی گێرەشێوێن هەوڵ دەدات کارتێکەریی چەواشەکارانەی هەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی کەس و کۆمەڵگای ئامانج، پرۆپاگەندەی تێکەڵاوکەر/ یەکدەستکەرهەوڵ دەدات کۆمەڵگا و کەسی ئامانجکراو پاسیڤ بکات بە جۆرێک کە بێ ئاڵەنگاری، داواکاری و سیاسەتەکان قەبوول بکەن.[١٨]

## پەیوەندیی کەرەستە و شەڕی دەروونی و پرۆپاگەندە

لە هەر شوێنێک کە کەناڵی پەیوەندی بوونی هەبێت، بواری ڕوودانی پرۆپاگەندە زۆرە. ئینتەرنێت و شێوە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی دیجیتاڵ بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەدا. هەروەک هابرماس[١٩] ئاماژەی پێدەکات ئەنتەرنێت بوو بە شوینێکی گشتی 'گوندە جیهانییەکان' "global villages" و مارک پۆستەر[٢٠] وەک

'مۆدی زانیاری'، ئاماژە بە ئینتەرنێت دەکات و ئێژێت کە ئینتەرنێت ڕووی لە شوێنی گشتی کردووە و ڕێگە بە هەمەجۆریی ناوەڕۆک، ئاڵوگۆڕی بیرۆکە دەدات و بەربەستەکان بەر پێوەندیکردن بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەم دەکەنەوە و یان لایان دەبەن.بەڵام لە لایەکیدیکەوە، تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردن توانیویانە ببن بە ئامرازێک لە خزمەتی ڕژێمە ئۆتۆکراتەکان بۆ سانسۆڕکردنی بیروڕای گشتی، برەو پێدان بە ئایدۆلووژیا و پرۆپاگەندەی دەسەڵات، ترساندن، وبەشیوەی سیستماتیک چاودێریکردنی بەرهەڵستکاران.[٢١] بەکارهێنانی ئەم ئامراز و تەکنۆلۆژیایانە لە لایان دەسەڵاتە ئۆتۆکرات و داپلۆسێنەرەکانەوە بووە بە هۆیَ درووست بوونی حاڵەتێک کە دەتوانرێت ئاماژەی پێبکریت وەکوو دەوڵەتی/دەوڵەتانی ئۆروێلی (The Orwellian State). لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە نادیموکراتیەکان، میدیا لە حاڵەتی پردی پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتەوە وە دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی پێوەندی یەکلایەنە و ئامرازی بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی دەوڵەتان.

بەڕێوەبەرانی شەڕی دەروونی مۆدێرن هەموو ئامرازەکانی پڕۆپاگەندەی بەکاردێنن لە هەڵمەتەکانییاندا، بۆ وێنە بڵاوکراوە/ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، فیلم، ئینتەرنێت، فەیسبووک، تویتەر، تیڤی، یوتیوب، کارتۆن، پۆستەر، وتار، ئاڵا، کتێب، شانۆ، مۆسیقا، پیشانگا، مۆزەخانە، ڕووداوە وەرزشی و کلتورییەکان و هتد. فەیسبووک و تویتەر و سەرچاوەکانیتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازی گرنگی پەیوەندیکردن بە گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سەرتاسەری گۆی زەویدا. بیگوومان میدیاکان لە سەردەمی مۆدێرندا ئامێرگەلێکی بە هێزن لە خزمەت شەڕیَ دەروونی و پڕۆپاگەندەدا، کە دەکرێت وەک ئامێری شەڕ سەیریان بکرێت.[٢٢] لە لایەکەی ترەوە سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگیان گێراوە (و دەیگێرن) لە ڕێکخستنی نارەزایی و درووست کردنی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەربڵاو سەبارەت بە چالاکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەیی، هتد، تا ڕادەیەک کە ئەم پلاتفۆرمە میدیایە ئۆنلاینانە بوونەتە ئامرازی ڕێکخستن و سەرهەڵدانی ئاراستەیەک کە بە گشتی بە "چالاکی سۆشیال میدیا" ناسراوە.[٢٣] بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامێری پێوەندی بۆ نزیکەبوونەوەی بزووتنەوەگەلێکی جیاواز لە سەر ئاستی جیهانیدا. لاری دایمۆند ( Larry Diamond) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە "تەکنەلۆژیای ڕزگاری" ناودێر دەکات کە "هاوڵاتیانی ئاساییش توانای بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئاشکراکردنی هەڵەی دەسەڵاتداران هەبێت و دەربڕی بیروڕای جیاوازبن کە ئەمانەش دەبنە هۆی فراوانکردنی ئاسۆی ئازادییان.[٢٤] بەڵام دەوڵەتان، بەهۆی دەست ڕۆیشتوویی ئابووری و توانایانەوە زیاتر لە هاوڵاتانی ئاسایی، چالاکانی مەدەنی و هیزە بەرهەڵستکارەکان، قازانجیان لە ئەنتەرنێت، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و 'سایبەر سپەیس' بینیوە. ئامرازەکانی پێوەندی بەکۆمەڵ، لە ناویاندا تەلەفزێۆن زۆر بە بەرفراوانی و سیستەماتێک کەڵکی لێوەردەگیردرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە. تەلەفزیۆن بە هۆی توانای سەرنجڕاکێشانی سروشتی بینراوی (visual) دەتواندرێت بەئاسانی بە شیوەیەکی خراپ بەکار بهێنرێت وەکوو ئامرازی پڕۆپاگەندە. بۆیە تەلەفزیۆن ئەرکێکی گرنگ لە بڵاو کردن و وەسەر خستنی پڕۆپاگەندە بە جێدەگەیەنێت.[٢٥]

## میدیا لە ئێراندا؛ چەکی سەرکوتی بەکۆمەڵ

کۆماری ئیسلامی ئێران نمونەیەکەی دیاری دەوڵەتی ئۆروێلی یە، بەتایبەت کە دەگاتە ڕادەی بەکارهێنانی تەکلۆنۆژیا، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

و بەگشـــتی ئەوەی کە پێـــی دەوترێت 'نیو میدیـــا'، و بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە لە پێناو کپکردن و سانســـۆرکردنی دەنگە نارازیەکان لە ئێراندا. گەرچی لە راســـتیدا بەرپرسیارێتی و ئەرکە ســـەرەکییەکانی میدیـــا بریتین لە، ئاگادارکردنەوەی رای گشـــتی و ئاگاداربوونە لە هەڵســـووکەوتی دەسەڵاتداران و لەقاودانی بریار و کرداری نابەرپرســـانەی کاربەدەستانی وڵات، وەکـــوو ســـەکۆیەک بـــۆ دەربریـــن و بیستنی رایگشتی، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی دا (هەروەکـــوو دەســـەڵاتە دیکتاتۆرەکانیتر) ئەرکەکانـــی دەزگا راگەیاندنییەکانـــی تەواو پێچەوانەن و لە بری ئەوە، راگەیاندن ئەرکی راگرتنی هاوڵاتیان لە تاریکیدا و داپۆشـــینی کارە نارەواکانی دەسەڵات و تێکدانی راگشتی و کپکردنی هەر دەنگێک کە لایان دەسەڵاتە وەکوو دژبەر بناسێندرێت.

لە کۆماری ئیســـلامیی ئێراندا، دەسەڵات، میدیـــا (بە هەمـــوو لایەنەکانیانـــەوە) وەکوو ئامرازێکـــی شـــەری دەروونـــی بەرانبەر بە کۆمەڵـــگا بەکار دەهێنێت. لـــە لێکۆڵینەوەی گشـــتگیر و نوێ کە لە لایان فێدراســـیونی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و دادپەروەری بۆ ئێران International Federation for Human) Rights (FIDH) and Justice for Iran JFI) ئامـــادە و بلاوکراوەتەوە، لەســـەر رۆڵی چەواشەکارانەی میدیا لە ئیران، بەکارهێنانی دانپێدانانـــی زۆرەملـــی و دادگایـــی کردن و بەرنامـــەی ناوزراندن لە ماوەی ٤٠ ســـاڵ لە دەســـەڵاتی کۆماری ئیســـلامی لـــە ئێراندا، ئاماژەیـــان پـــێ کـــراوە. ژمارەی ئـــەو جۆرە بەرنامانـــەی کـــە لە لایەن دەنـــگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیدا بلاوکراونەتەو ە،دەرخەری ئەو راســـتییەن، کـــە لە ســـاڵی ١٩٧٩ەوە، قۆرخکارییەکـــی تەواو بەســـەر تەلەفزیۆن و رادیۆدا کراوە و ئەم رێکخراوە و چڵ و پۆپەکانی، ســـەدان بەرنامـــەی دانپێدانانـــی زۆرەملێ و بەرنامەگەلێک بـــە ناوەرۆکـــی ناوزراندنیان، بڵاوکردووەتـــەوە. جـــا بۆیە ئـــەم رێکخراوە میدیاییە، بووە بە ئامرازێکی ســـەرکوتکردن و دروســـتکردنی تـــرس و دڵەراوکـــێ لە ناو کۆمەڵگای مەدەنی، کوونترۆڵ کردنی وێژمانی گشتی، تۆقاندن و ناوزراندنی تاک و کۆمەڵگای مەدەنی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا، هێرشی بێبرانەوە بۆسەر ئۆپۆزسیۆن؛ پاساو هێنانەوە بۆ ســـەرکوتکردنی دژبەر و چالاکوانانی دەرەوەو و ناوخۆ؛ پاســـاوهێنانەوە بـــۆ بەتاوابارکردن و ئازار و ئەشـــکەنجەی دەروونی و جەستەییی چالاکانی مەدەنی و سیاسی.

هەروەک لە راپۆرتی FIDH/JFI دا ئاماژەی پێ کراوە: ''دەزگای دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی، بووەتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی بەکۆمەڵـــی کۆمەڵگا، بـــە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکان و ســـوپای پاسداراندا. ئەم دەزگایە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارە لـــە پێشـــێلکاریی سیســـتماتیکی مافەکانی مرۆڤ''.[٢٧] دەزگاکانـــی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی لە رێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لـــە چەندین بواری بلاوکردنـــەوە و دیجیتاڵ میدیـــا و رۆژنامەگـــەری، هونـــەر، کەلتوور و پیشەسازی و رۆشنبیریدا، بە شێوەی جۆراوجۆر کارتێکـــەری دەکەنە ســـەر ژیانـــی رۆژانەی خەڵک لـــە ئێراندا. بۆ وێنـــە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی کە راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی رێبەری کۆماری ئیســـلامی، وەک ئۆرگانی ســـەرەکیی راگەیاندن لە ئێراندا، لە نزیکەوە لەگـــەڵ رێکخراوە هەواڵگری، ئەمنی و ســـەربازییەکانی کۆماری ئیســـلامیدا کار دەکات. ئەم دەزگایە کاریگەرترین رێکخراوە بۆ بەرهەمهێنان و پەخشی فیلم و پرۆپاگەندە بە ئامانجی کپکردنی دەنگە بەرهەڵستکارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. مێژووی بەکارهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەمەبەســـتی سەرکوتی بەرهەڵســـتکاران دەگەرێـــت بـــۆ ســـەرەتای دامەزراندنـــی کۆماری ئیســـلامی بگەرێتەوە. پرۆپاگەنـــدەی ناوزرانـــدن، رێک ئـــەو جۆرە

شـــەڕەیە کە لەلایەن دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیســـلامییەوە لە ژێر ئەجێندایەکی فراوانتری ”ئەندازیاریی ڕۆشـــنبیری“ (Cultural Engi-neering) دا داڕێژراوە کە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کەلتووری و بە سەرپەرشتیی ڕاســـتەوخۆی عەلی خامنەیی بەڕێوەدەچێت. کەڵـــک وەرگرتن لە شـــەڕی نـــەرم و هێزی نـــەرم بە گرنگتریـــن ئامرازەکانی بـــە ئامانج گەیشـــتن بۆئەم مەبەســـتە دیـــاری کراون. دەزگاکانـــی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیســـلامی، کۆمەڵ و کەســـگەلێکی جۆراوجۆر بە ئامانج دەگرن، لەوانە: چالاکوانانی سیاســـی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی بەرهەڵستکار، بەرگریکارانی مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ، چالاکوانانی ژینگـــە، چالاکوانانـــی مافەکانـــی منـــداڵان، ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان وهتد. یەکێـــک لە ئامانجە ســـەرەکییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرکوتکاری کۆماری ئیســـلامی، ناوزڕاندنی چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی و نیشـــاندانی وێنەی تۆقێنەری هێزە ئەمنیـــەکان و ناردنـــی پەیامێکی بەهێزە کە هەر کـــەس، چەند بەهێز و ســـوور بێت، لە کۆتاییدا شکست دێنێت و ملکەچی دەسەڵات و بەهاکانی کۆماری ئیسلامی دەبێت.

## سەرچاوەکان


1. Harold D. Lasswell (1951). Political and psychological warfare. In D. Lerner (Ed.), Propaganda in war and crisis (pp. 261–277). New York: G. W. Stewart. 261.
2. David A. Charters (1977). “Intelligence and Psychological Warfare Operations in Northern Ireland”, The RUSI Journal, 122:3, 22-27.
3. Paul M. A. Linebarger (1948). Psychological Warfare. Washington; Indiana University,، 25.
4. Tao Hanzhang (2007). Sun Tzu□s Art of War: The Modern Chinese Interpretation. London: Sterling Innovation.
5. Linebarger, “Psychological Warfare”; FRANK R. BARNETT (1989) POLITICAL WARFARE and PSYCHOLOGICAL OPERATIONS, RETHINKING the US APPROA CH, National Defense University Press.
6. Linebarger, “Psychological Warfare”, 62.
7. Ryan Clow (2009). Psychological Operations: The Need to Understand the Psychological Plane of Warfare. Canadian Military Journal Issue 9:1, 21.
8. Linebarger, “Psychological Warfare”, 25.
9. Garth Jowett and Victoria O’Donnell (2014). Propaganda and Persuasion. London: Sage Publications, 105.
10. Jowett and O’Donnell “Propaganda and Persuasion”; Alex Schmid (2005) Terrorism as Psychological Warfare, Democracy and Security 1:2, 142; Linebarger, “Psychological Warfare”.
11. Jowett and O’Donnell “Propaganda and Persuasion”, 7.
12. Linebarger, “Psychological Warfare”.45-46
13. Harold D. Lasswell (1927). Propaganda technique in the world war. New York: Knopf.
14. Jowett and O’Donnell “Propaganda and Persuasion”, 331.
15. Daniel Lerner (1951). Propaganda in war and crisis. New York: G. W. Stewart.
16. Jowett and O’Donnell “Propaganda and Persuasion”, 58 – 59.
17. Schmid, “Terrorism as Psychological Warfare”, 142.
18. George H. Szanto (1978). Theater and propaganda. Austin: University of Texas Press, 10
19. Habermas in Babak Rahimi (2011) The Agonistic Social Media: Cyberspace in the Formation of Dissent and Consolidation of State Power in Postelection Iran, The Communication Review, 14:3, 158-178,
20. Mark Poster (2004) “Consumption and digital commodities in the everyday”, Cultural Studies 18:2-3, 399.
21. Rahimi, “The Agonistic Social Media”.
22. Emily K. Vraga, Kjerstin Thorson, Neta Kligler-Vilenchik, Emily Gee (2015) How individual sensitivities to disagreement shape youth political expression on Facebook, Computers in Human Behavior 45, 281–289; Kenneth Payne (2005) “The Media as an Instrument of War.” The US Army War College Quarterly: Parameters 35:1, 81.
23. Thomas Poell, (2014). Social Media Activism and State Censorship. In Social Media, Politics and the State: Protests, Revolutions, Riots, Crime and Policing in an Age of Facebook, Twitter and YouTube, edited by D. Trottier & C. Fuchs. 189-206. London: Routledge.
24. Diamond in Poell “Social Media Activism”, 190-191.
25. Jowett and O’Donnell “Propaganda and Persuasion”, 155.
26. FIDH/JFI, “Orwellian State: Islamic Republic of Iran’s State Media as a Weapon of Mass Suppression”, No. 749a, 2020, 14.
27. FIDH/JFI, “Orwellian State”, 6.